# کوردستانی سور
# لە کێشمەکێشی نێوان
# ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا

ن: عەلی ئەسغەر فەریدی

ڕۆژنامەنووس لەماڵپەڕی روز ئۆنلاین

FOCUS

ناگۆرنیقەرەباخ بێجگە لە ئەرمەنی و ئازەرییەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکانیشە. ئەم ناوچەیە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا بۆ ماوەی شەش ساڵ کورد بە سەربەخۆیی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەدەبرد.

لە ئێستادا کە کوردەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان بە پشتیوانی جیهان، شەڕی داعش و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکانیتر دەکەن و لە تورکیاش ڕێکخستنی چەکدار و سیاسییان هەیە، لە ناوچەی ناگۆرنیقەرەباخ بڵاون و گیرۆدەی شەڕێک بوون، کە لە ئەگەری گەشەسەندنیدا بێجگە لە ئاوارەیی و قوربانی هیچ ئەنجامێکی بۆ کوردەکانی ناوچەکە نییە.

لە ساڵی 1994وە ئەمە توندترین ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانە.

## مێژووی بوونی کورد لە قەفقاز

ناوچەی ناگۆرنیقەرەباخ، کە بۆ ساڵانێکی زۆرە جێی ناکۆکی یەریڤان باکۆیە، بە نزیکەی 4400 کیلۆمەتر چوارگۆشە ناوچەیەکی گەمارۆدراو لە باشوری قەفقاز و باشوری رۆژهەڵاتی چیاکانی قەفقازی بچوکە. ئەم ناوچەیە لە رۆژئاوا لەگەڵ ئەرمەنستان، لە باشور لەگەڵ ئێران، لە باکور و رۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان هاوسنورە.

ناگۆرنیقەرەباخ بێجگە لە ئەرمەنی و ئازەرییەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی کوردیشە. ئەم ناوچەیە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا، بۆ ماوەی شەش ساڵ بەشێوەی سەربەخۆ لەلایەن کوردەوە بەڕێوە براوە.

(عایشە حور Ayşe Hür) رۆژنامەنوسی تورک، کە لە پێشینەی کورد دەکۆڵێتەوە، لەبارەی ئەو ناوچانەوە، کە ئێستا جێی مشتومڕ و ناکۆکی ئەرمەنستان و ئازەربایجانە، دەڵێت، بەپێی هەندێک سەرچاوە پێشینەی بوونی کورد لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی 9 و 10.

بەپێی هەندێک سەرچاوەیتر پێشینەی نیشتەجێبوونی کورد لە قەفقاز دەگێڕدرێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەم، کە شا (عەباسی سەفەوی) بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ژمارەیەک هـۆزی کـوردی لە خوراسان و موسڵەوە بۆ ئەو ناوچەیە گواستووەتەوە.

بە وتەی (عایشە) لە سەدەکانی 17 و 18 دا، ئەم ناوچەیە لە ژێر فەرمانی خانەکانی قەرەباخ و ئیرەواندا بووە و زیاتر قەرەباخ دەسەڵاتی بەسەردا هەبووە. لەگەڵ ئەوەی ئەم ناوچەیە خرایە سەر روسیای قەیسەر و دەسەڵاتی خانەکانی قەرەباخ هەڵوەشێنرانەوە، کوردەکانیش کەوتنە ژێر دەستی روسیا. لەو مێژووەوە ئایدیای خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد هەندێک جار باسکراوە، بەڵام ئەم ئایدیایە لە سەردەمی یەکێتی سۆڤێتدا بوو بە کردار.

> پێشینەی نیشتەجێبوونی کورد لە قەفقاز دەگێڕدرێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەم، کە شا (عەباسی سەفەوی) بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی جیاکەرەوە لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ژمارەیەک هۆزی کوردی لە خوراسان و موسڵەوە بۆ ئەو ناوچەیە گواستووەتەوە

## کوردستانی سور؛ خەڵاتی لینین بۆ کورد

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لە ڕێکەوتی 1923/7/7دا بە فەرمانی لینین، ناوچە کوردنشینەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، لە ژێر فەرمانی (اویزد) واتە یەکەیەکی کەمتر لە خۆبەڕێوەبەری بەناوی (کوردستانی سور) کە پایتەختەکەی شاری (لاچین) بوو، بەسەرۆکایەتی (گوجی قاجی ئێف) دامەزرا، شارەکانی (لاچین، گلبجار، زنگیلان، قوبادلو، شوشا) بە شارە گەورەکانی هەژمار دەکران.

کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجان، لەگەڵ ئەوەی پێشوازی لە بڕیاری دامەزراندنی کوردستانی سور نەکرد، بەڵام رەخنەی لەم بڕیارەی مۆسکۆ نەگرت. هەروەها کۆماری سۆسیالیستی ئەرمەنستان، کە بە هۆی ڕێککەوتننامەی ساڵی 1921ی مۆسکۆوە ناچار ببوو ئەو ناوچەیە بدات بە ئازەربایجان، بەم بڕیارە خۆشحاڵ بوو.

یەکێک لەو بابەتانەی لە دامەزراندنی کوردستانی سوردا جێی پرسیارە ئەوەیە، کە شاری (قوبادلو) خرایە چوارچێوەی کوردستانی سورەوە، (دەیڤد بابایان) لێکۆڵەری ئەرمەنی پێیوایە، ئەم ناوچە خۆبەڕێوەبەرە، کە لە ناو سنورەکانی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجان دامەزرابوو، شاری قوبادلو کە هیچ کوردێک لێی نیشتەجێ نەبوو، 98.9% ئازەری بوون و ئەوانیتریش ئەرمەنی بوون، بەو هۆیەوە خرایە سەر کوردستانی سور کە دانیشتوانەکەی 51200 کەس بوون، کە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە 100% بۆ 73% کەم بکرێتەوە.

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ لە لایەن یەکێتی سۆڤێتەوە ژمارەی دانیشتوانی کوردستانی سور (٥١٢٠٠) کەس بووە. ڕێژەی دانیشتووانی کورد ڕێژەی 73.1% بووە و 26.3% ئازەربایجانی بوون. دوای ئەم سەرژمێرییە، هیچ سەرژمێرییەکیتر لەو ناوچەیە ئەنجام نەدراوە.

لەگەڵ ناڕازی بوونی (باقرۆف) وردە وردە کوردستانی سور گرنگی خۆی لەدەستدا و لە ڕێکەوتی 1929/4/8 لەگەڵ گۆڕانی بەڕێوەبەری ئیداری - سیاسی ئازەربایجان، کوردستانی سور هەڵوەشایەوە و ناوچەکانی خرانە سەر قەرەباخ.

لە ڕێکەوتی 1930/5/25 (ئوکروگ)ی کوردستانی سور ڕاگەیەنرا و (زنگیلان و جبرالی) چوونە ژێر دەسەڵاتی، بەڵام 1930/7/23، بۆ جارێکیتر دابەشکاری ناوخۆیی یەکێتی سۆڤێت گۆڕانی بەسەردا هات و سەرجەم ناوچە خۆ بەڕێوەبەرییەکان هەڵوەشێنرانەوە. بەمشێوەیە مێژووی شەش ساڵ تەمەنی کوردستانی سور کۆتایی هات و خەڵاتی لینین بۆ کورد، لەلایەن ستالینەوە لێیان سەندرایەوە.

## هەوڵەکان بۆ زیندوکردنەوەی کوردستانی سور

دوای هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤێت، بۆ جارێکیتر شەڕ لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لەسەر ناوچەی قەرەباخ سەریهەڵدایەوە و ئازەربایجان دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچەیەدا لەدەستدا و کوردەکان بوونە قوربانی کێشمەکێشی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

لەو شەڕدا هەردوو وڵاتی ئەرمەنستان و ئازەربایجان جیا جیا بەڵێنیان بە کوردەکان دا، کە دانیان پێدا بنێن و کوردستانی سور دابمەزرێننەوە.

لەم نێوانەدا و لە ساڵانی 1991 و 1992 ژمارەیەک چالاکوانی کورد، لەوانە (وەکیل مستەفاییڤ) هەوڵیاندا دوبارە کوردستانی سور زیندو بکەنەوە.

وەکیل مستەفاییڤ کەسێک بوو لە ئەو سەردەمەدا لە لایەن ڕووسیا و ئەرمەنستانەوە بۆ دوبارە دامەزراندنەوەی کوردستانی سوور دەستنیشان کرابوو، پشتگیری لێ دەکرا.

بە وتەی مستەفایوف لە شەڕی نێوان ئەرمەنستان و باکۆدا، کوردە موسوڵمانەکان لایەنگیریان بۆ ئازەربایجان و کوردە ئێزیدییەکان لایەنگیریان بۆ ئەرمەنستان دەربڕی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بن و براکوژییەکی تر لە مێژووی کورددا تۆمار بکرێت.

دوای شکستی ئازەربایجان لە شەڕی قەرەباخ، کوردە ئێزیدییەکان، کە لەگەڵ ئەرمەنییەکان دژی ئازەربایجان شەڕیان کردبوو، لە شاری لاچین پایەختی کوردستانی سور بە هەڵکردنی ئـاڵای کوردستان و وتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب ئاهەنگیان گێڕا، بەڵام ماوەیەک دوای ئەوە ئەرمەنییە توندڕەوەکان بە فەرمانی دەوڵەتی ئەرمەنستان، بە هێنانە خوارەوەی ئاڵای کوردستان ڕێگەیان لە دامەزراندنی دوبارەی حکومەتی کورد لە ناوچەی ناگۆرنیقەرەباخ گرت.

لە ئێستادا کە کوردەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان بە پشتیوانی جیهان شـەڕی داعـش و گروپە تـونـدڕەوە ئیسلامییەکانیتر دەکەن و لە تورکیاش ڕێکخستنی چەکدار و سیاسییان هەیە و لەگەڵ حکومەتی ئەردۆگان لە شەڕدان، لە ناوچەی ناگۆرنیقەرەباخ ڕێکخستنیان نییە و گیرۆدەی شەڕێک بـوون، کە لە ئەگەری گەشەسەندنیدا بێجگە لە ئاوارەیی و قوربانی هیچ ئەنجامێکی بۆ کوردەکانی ئەو ناوچەیە نییە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی سیاسی تیۆریک**

blog-/04/http://siasitheoric.blogspot.com/2016
post_12.html